گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/n9dn0660

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/08/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە هەرێمی کوردستاندا: سۆشیال میدیا بە نمونە

ئەردەلان محمد احمد[١] - بەناز حمە رشید حسن[٢]
Ardalanbaban1987@gmail.com Banaz.hassan@univsul.edu.iq

[2+1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی (ئاستی خوێندەواریی میدیایی لای مشتی توێژینەوەکە، بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا، هەروەها زانینی جیاوازی لە ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا و خوێندەواریی میدیایی بەپێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی خوێندن و زانکۆ)، توێژەر میتۆدی وەصفی-ڕوپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتین لە خوێندکارانی هەر چوار زانکۆی (صلاح الدین، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) کە ژمارەیان (٧٠٢٤١) خوێندکارە و توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینی گونجاو (٣٨٥) خوێندکاری وەکو نمونە وەرگرتوە.

بۆ پێوانەکردنی ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا و خوێندەواری میدیایی، توێژەر پێوانەیەکی ئامادەکردوە، کە پێکدێت لە (٨) پرسیار و (٢٤) بڕگە، بۆ شیکاری داتاکان، توێژەر سودی لە (SPSS.V.27) وەرگرتوە و چەندین تەکنیکی ئاماری جۆراوجۆری بەکارهێناوە، وەکو (تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ، ئەنۆڤا، هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن و جێتمان و ئەلفاکرۆنباخ)، لە ئەنجامدا دەرکەوت نمونەی توێژینەوەکە بەرکەوتنیان بە سۆشیاڵ میدیا نزمە و ئاستی خوێندەواری میدیاییان بەرزە، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی پسپۆڕی خوێندن و زانکۆ، لەلایەکیترەوە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی خوێندەواری میدیایی بەپێی پسپۆڕی خوێندن، بەڵام بەپێی زانکۆ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرزترین ئاستی خوێندەواری میدیاییان هەیە، لە کۆتاییدا توێژەر لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان ژمارەیەک ڕاسپاردە و پێشنیاری خستوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان**: خوێندەواری میدیایی، سۆشیال میدیا، زانیاریی هەڵە، هەرێمی کوردستان

# The Role Of Media Literacy In Dealing With Misinformation In The Kurdistan Region: Social Media As An Example

**Ardalan Muhammad Ahmed[1] - Banaz Hama Rashid Hassan[2]**

[1+2] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

The main aim of this study is to determine the level each of (exposure to social media and media literacy and to determine the difference in the level each of exposure to social media and media literacy according to variables (Specialist in Education and university.

The researcher used descriptive-survey method and the research community includes students of four universities (Salah al-Din, Duhok, Sulaimani and Halabja) for the academic year (2024-2025) which numbers (70241) students ،the sample research consist of (385) student's those are elected bye (Proportional Stratified Sampling) from each university.

To measure the level of exposure to social media and media literacy, the researcher prepared a scale in collaboration with the supervisor that consists of (8) questions and (24) items and doing psychometric face validity is (%90) and reliability is (.89). For analyze data the researcher used (SPSS.V.27) and used many static articles such (One sample T-test, Independent sample t-test, One way-ANOVA, Pearson correlation, Guttmann and cronbach's Alpha ) the results showed that the study sample had low exposure to social media and high level of media literacy, and there is a statistically significance difference in the level social media exposure according to educational specialty and university, in the other hand there is't statically significance the level of media literacy according to educational specialty but there is statically significance according to university, the sulaimani university student's had higher level media literacy compare than othr universities students. Finally, the researcher made a number of recommendations in the light of the results.

**Keywords:** Media Literacy, Social Media, Misinformation, Kurdistan Region

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە نوێنەرایەتی ئەو پرسە، یان نیگەرانی، یان بۆشایی زانیارییە دەکات، کە توێژەر ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە چارەسەری بکات. ڕونی دەکاتەوە، کە توێژەر بۆ دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ناونیشانە بکات، یان لێی تێبگات و ڕێنمایی ئاراستەی توێژینەوەکە بکات. دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوەیەکی ڕون و باش پێناسەکراو زۆر گرنگە بۆ دارشتنی پرسیاری توێژینەوەکە، بۆیە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە یەکێکە لەگرنگترین ئەو هەنگاوانەی ڕوبەڕوی توێژەر دەبێتەوە، بەو پێیەی ئەم هەنگاوە پێویستی بە گەڕان و بەدواداچون و هەڵبژاردنێکی دروستە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نارونی ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە، توێژەر بۆ جەختکردنی زیاتر لەسەر کێشەی توێژینەوەکە ئەم پرسیارانە دەخاتەڕو:

١- ئاستی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە، بە سۆشیاڵ میدیا چەندە؟

٢- ئایا خویندەواریی میدیایی ڕۆڵی هەیە لە کارامەیی هەڵسەنگاندن بۆ زانیاریی نێو سۆشیال میدیا؟

٣- ڕۆڵی خویندەواریی میدیایی لە کارامەیی شیکاریی و شرۆڤە بۆ زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی گشتی چۆنە؟

٤- خویندەواریی میدیایی ڕۆڵی هەیە لە کارامەیی بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی زانیاریی نێو سۆشیال میدیا ؟

٥- ڕۆڵی خویندەواریی میدیایی چییە بۆ کارامەیی دەستگەیشتن بە زانیاریی هەڵەی نێوسۆشیال میدیا ؟

### ١-٢: گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگە، لەوانە:

١- لەئێستای هەرێمی کوردستاندا بابەتێکی نوێ و گرنگە.

٢- ئاگادارکردنەوەی بڕیاردان: ئەم توێژینەوەیە، زانیاری لەسەر بنەمای بەڵگە دەدات، کە دەتوانێت پرۆسەکانی بڕیاردان لە کەرتە جیاوازەکاندا ڕێنمایی بکات، لەوانە (سیاسەت و پەروەردە).

٣- کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە: توێژینەوەکە دەتوانێت کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگا هەبێت، بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداریکردن لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی ئەرێنی.

٤- پێشکەوتنی ئەکادیمی و پیشەیی: توێژینەوەکە ڕۆڵێکی گرنگ، لە بواری ئەکادیمیادا دەگێڕێت، چونکە بابەتێکی نوێیە و کتێبخانەی کوردی لەوبوارەدا هەژارە، بۆیە توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسود لە بوارەکەی خۆیدا کە بەزمانی شیرینی کوردی نوسرابێت.

### ١-٣: ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ڕون نەخشەڕێگای سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەکە، ئەگەر هاتو ئامانجەکان بە وردی و بە ڕۆشنی دیاری نەکران، ئەو کاتە ئەستەم و مەحاڵە بتواندرێت توێژینەوەکە هەڵبسەنگێندرێت و بزانرێت بەچی گەیشتوەو چی بەدیهێناوە.(**بۆکانی،٢٠٢٠، ٤٢**). ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

١- زانینی ئاستی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە، بە سۆشیاڵ میدیا.

٢- زانینی ڕۆڵی خویندەواریی میدیایی لە کارامەیی هەڵسەنگاندن بۆ زانیاریی نێو سۆشیال میدیا.

٣- زانینی جیاوازی لە ئاستی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا بەپێی گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی خوێندن، زانکۆ).

٤- زانینی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری میدیایی بەپێی گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی خوێندن، زانکۆ).

### ١-٤ :جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەڕوی جۆرەوە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی میتۆدی (ڕوپێو)ی بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە ڕێبازە بنەڕەتییەکان لە لێکۆڵینەوە وەسفییەکاندا، گرنگی دەدات بە دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان.(مەجزوب٢٠٠٧، ١٥).

### ١-٥:کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆ، لە زانکۆکانی (صلاح الدین، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە)، کە دەکەونە هەر چوار پارێزگای (سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە)، کە ژمارەیان (70241) حەفتا هەزار و دو سەد و چل و یەک خوێندکارە وەکو لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (١)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| زانکۆ | ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|
| زانکۆی سلێمانی | ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ | **٢٠٣٠٦** بیست هەزار و سێ سەد و شەش |
| زانکۆی صلاح الدین | ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ | ٢٥٠٨١ بیست و پێنج هەزار و هەشتاو یەک |
| زانکۆی دهۆک | ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ | ٢١٧٥٥ بیست و یەک هەزار و حەوت سەدو پەنجاو پێنج |
| زانکۆی هەڵەبجە | ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ | ٣٠٩٤ سێ هەزار و نەوەد و چوار |
| کۆی گشتی خوێندکارانی هەر چوار زانکۆکە | | ٧٠٢٤١ حەفتا هەزار و دو سەد و چل و یەک خوێندکار |

## ١-٦: سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ ژێر کۆمەڵێک لە (تاکەکان، شتەکان، یان ڕوداوەکان)، کە لە دانیشتوانێکی گەورەترەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی ببێتە بنەما بۆ خەمڵاندن، یان پێشبینیکردنی بڵاوبونەوەی زانیارییەک، بارودۆخێک یان دەرئەنجامێک.(راضي٢٠٢٣،ص٣) لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی هەر چوار زانکۆکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتییان دەکرێت، سامپڵێکی هەرەمەکی چینی ڕێژەیی .(Proportional Stratified Sampling) لە خوێندکارانی زانکۆکانی (صلاح الدین، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە) وەرگرتوە، بەڕێژەی (95% ئاستی متمانە و 5% پەراوێزی هەڵە)، کە ژمارەیان دەکاتە (٣٨٥) خوێندکار، ئەو ڕێژەیەش گونجاوە بۆ کۆمەڵگەیەک کە ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان (١٠٠٠٠ – ١٠٠٠٠٠)دابێت.(بۆکانی، 114.2020). دواتر خوێندکارەکان بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراون، توێژەر ئاماری فەرمی زانکۆکانی لە وێبسایتی فەرمی زانکۆکان وەرگرتوە. ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/٤/١٩ کات ١٢:٠٠ AM[1]، وەکو لە خشتەی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (٢)

نمونەی توێژینەوەکە

| زانکۆ | ژمارەی خوێندکار | ڕێژەی ٪ | ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو |
|---|---|---|---|
| صلاح الدین | ٢٥٠٨١ | ٪٣٥.٧١ | ١٣٨ |
| دهۆک | ٢١٧٥٥ | ٪٣٠.٩٧ | ١١٩ |
| سلێمانی | ٢٠٣٠٦ | ٪٢٨.٩١ | ١١١ |
| هەڵەبجە | ٣٠٩٤ | ٪٤.٤ | ١٧ |
| کۆی گشتی | ٧٠٢٤١ | ٪٩٩.٩٩ | ٣٨٥ |

## ١-٧: ئامرازی توێژینەوە

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە نمونەی توێژینەوەکەی، فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادە کردوە، کە پێکدێت لە (٢٤) برگە و (٨) پرسیار، بەسەر پێنج تەوەردا دابەشکراوە و پێوەرەکە پێنج بژاردەی هەیە، کە بریتین لە (تەواو هاوڕانیم، هاوڕانیم، بێلایەنم، هاوڕام، تەواو هاوڕام) بە دانانی نمرەی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) بۆ برگەی نەرێنی و بەهەمان زنجیرە بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ برگەی ئەرێنی.

## ١-٨: تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان

### یەکەم: ڕاستیی ڕواڵەتی

ڕاستێتی واتا، ئایا ئەو پێوەرەی لەبەر دەستە تەنها ئەو بابەتە پێوانە دەکات، کە بۆی ئامادە کراوە یان نا، هەر پێوەرێک ئەو بابەتەی بۆی داندراوە پێوانەی بکات ئەوا پێوەرێکی ڕاستە. (Field, A. 2013. 11)

پێوەری ڕاستی، لە گرنگترین ئەو کارانەیە، کە توێژەر لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازیتوێژینەوەکە گرنگی پێدەدات، بۆ زانینی ڕاددەی ڕاستی پێوەرەکە، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە زانیاریی و داتای گونجاو بەدەستبهێنێت تاوەکو یارمەتی توێژینەوەکەی بدات، ئەمەش نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوە بەڕاستی بەکارنەهێنرێت.(عوض٢٠٠٨، ٢٤٩).

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەت، توێژەر پشتی بەستوە بە ڕێژەی (75%)ی ڕای شارەزایان بۆ ئەو مەبەستە پێوەرەکەی خستۆتە بەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزا، کە ژمارەییان (٧) پسپۆڕە، توێژەر داوای لێیان کردوە، سەرنج و تێبینی خۆیان لەبارەی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان بخەنەڕو و هەر گۆڕانکارییەک بە باشی دەزانن بۆ توێژەر بیخەنەڕو، دوای وەرگرتنەوەی ڕای شارەزایان توێژەر ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوەرەکەی دەرهێناوە کە بریتییە لە (٩٠%).

**دووەم: ڕاستگۆیی جیاکاری**

ڕاستگۆیی جیاکاری ئامارێکی پێشکەوتوە یارمەتی توێژەران دەدات تاوەکو بزانن ئەو پێوانەی ئامادەی کردوە ئایا جیاوازی دەکات لەنێوان تاکەکان دا یاخود نا. بەواتایەکیتر، ئایا ئەو پێوانەی توێژەر ئامادەی کردوە هەمو کەسەکان وەکو یەک نمرە دەهێنن یان جیاوازن.( Campbell, D,T & Fiske, D,W. 1959. 83)

بۆ نمونە توێژەر، کە پێوانەیەکی وەرگرتوە بۆ پێوانەکردنی خوێندەواری میدیایی، ئەگەر پێوانەکە ڕاستگۆیی جیاکاری هەبێت، ئەوا دەبێت ئەوانەی خوێندەواری میدیاییان هەیە نمرەی بەرز بەدەستبهێنن و ئەوانەی خوێندەواری میدیاییان نزمە نمرەی نزم بەدەستبهێنن.

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر پێوانەکەی دابەشکردوە بەسەر (100) خوێندکاردا پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکان توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی (27%) ی ئەو خوێندکارانەی بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە، کە (27) خوێندکاربون لەگەڵ (27%) ئەو خوێندکارانەی نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە، کە (27) خوێندکاربون بەهەردو کۆمەڵەکە (54) خوێندکاربون، پاشان لەڕێگەی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-test) لە هەگبەی ئاماری (spss) توێژەر جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوانیان دۆزیوەتەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (T=-20.11) بو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (.001) واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان کۆمەڵەکان بەدی دەکرێت لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی بەرز، کە ناوەندی ژمێرەیی (100.37) بە لادانی پێوەری (3.95) بەراورد بە کۆمەڵەی نزم کە ناوەندی ژمێرەیی (56.14) و بە لادانی پێوەری (10.71) وەکو لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (٣)

ڕاستگۆیی جیاکاری بۆ پێوەری خوێندەواری میدیایی

| پێوانە | کۆمەڵە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری (sig) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندەواری میدیایی | بەرز | 27 | 100.37 | 3.95 | 52 | -20.11 | .001 |
| | نزم | 27 | 56.14 | 10.71 | | | |

**دووەم: جێگیری**

جێگیری پێوەر، واتا ئەگەر هاتو هەمان پێوەر لەسەر هەمان نمونە لە بارودۆخی هاوشێوە جێبەجێبکەینەوە هەمان ئەنجام یا نزیک لەو ئەنجامە بەدەستبهێنینەوە. (Godwin, 2010. 156)

بەمەبەستی زانینی جێگیری پێوەرەکە توێژەر هەستاوە بە دۆزینەوەی جێگیری، توێژەر ئەو جۆرانەی جیگیری ئەنجامداوە.

یەکەم: ناوەکی بەرێگەی ئەلفاکرۆنباخ، کە بریتییە لە جۆرێکی جێگیری ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەمو برگەکانی پێوانەیەک بەشدارن لە پێوانەکردن ئەو بابەتەی پێوانەکەی بۆ داندراوە (Kerlinger, F.N.1986. 429)

توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر (100) خوێندکاردا پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکان توێژەر پشتی بەست بە ئامرازی ئاماری(ئەلفا کرۆنباخ) لە هەگبەی ئاماری (spss) بۆ دەرهێنانی جێگیری ناوەکی، دەرکەوت جێگیری ناوەکی پێوەرەکە (.89) بو ئەوەش بەهایەکی بەرزە بۆ جێگیری پێوەرێک.

دوەم: جیگیری بەرێگەی دابەشکردنی نیوەیی

جێگیری پێوانە بەرێگەی کەرتکردنی نیوەیی (split-half) دەستنیشانکرا، دوای جێ بەجێکردنی پێوانەکە بەسەر نمونەیەکی سەرەتایی کە ژمارەیان (100) خوێندکاربو لەرێگەی بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (spss) توێژەر هاوکێشەی پەیوەندی (Pearson)ی بەکارهێنا و پەیوەندی نێوان هەردو نیوەکەی دۆزییەوە دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان نیوەی یەکەم و دوەمی پێوانەکە بریتیبو لە (0.625) ئەوەش بە جێگیرییەکی پەسند هەژمار دەکرێت چونکە جێگیری نیوەی پێوانەکەیە، لەبەر ئەوەی برگەکان تاک بون بۆیە توێژەر لە رێگەی هاوکێشەی (جێتمان) بەهای پەیوەندی (Pearson)ی ڕاستکردەوە و بەهاکەی بو بە (0.845).

**١-٩: سنوری توێژینەوە (کات، شوێن، مرۆیی، بابەتی)**

توێژینەوەکە لە چوار بواری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

**١- سنوری شوێن:** لەڕوی شوێنەوە هەرێمی کوردستان-عێراق دەگرێتەوە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) .

**٢- سنوری کات:** کاتی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیە بەسەر بەرتوێژاندا، تاوەکو کۆکردنەوە و ڕاڤەکردنیان.

**٣- سنوری مرۆیی:** بریتییە لەو خوێندکارانەی، کە بەشێوەی سامپڵی هەڕەمەکی مەبەستدار، لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی صلاح الدین و زانکۆی دهۆک و زانکۆی هەڵەبجە وەرگیراون.

**٤- بواری بابەت:** هەریەک لە خوێندەواریی میدیایی و زانیاری هەڵە و سۆشیال میدیایە.

**١-١٠: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

١- **ڕۆڵ:** چالاکییەکە لە شوێنێک یان ئامانجێکە، کەسێک یان دامەزراوەیەک لە بارودۆخێکدا ئەنجامی دەدات، لەڕێکخراوێکدا، لەکۆمەڵدا، یان لەپەیوەندیدا دەگێڕدرێت.(Colman,2023. 658).

پێناسەی تیۆری: لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵ ئاماژەیە بۆ ئەوئەرکە، یان پێگەیەی، کە کەسێک یان شتێک، لە دۆخێک یان چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هەیەتی. هەروەها دەتوانێت ئاماژە بەو ڕەفتار و ئەرکانە بکات، کە چاوەڕوان دەکرێت لە کەسێک لە ڕۆڵێکی دیاریکراودا.

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەو نمرەیەی، کە سامپڵێ توێژینەوەکە لەسەر ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی بەدەستی دەهێنن.

٢- **خوێندەواریی میدیایی:** پەیمانگای (**ئۆفکۆم**) کە دامەزراوەیەکە لە ئینگلتەرا لەبواری ڕێساکانی خوێندەواریی میدیا کاردەکات، خوێندەواریی میدیایی بەمشێوەیە پێناسە دەکات"خوێندەواری میدیایی بریتییە لە دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لە چوارچیوەی جۆراوجۆردا"(Raboy & Padovani2010, 16).

**پێناسەی تیۆری:** مەبەست لە خوێندەواریی میدیایی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ توانای دەستڕاگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی میدیا بە شێوەی جۆراوجۆر، بریتییە لە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لە چۆنییەتی دروستکردن و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی پەیامەکانی میدیا و توانای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا.

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لەو نمرەیەی، کە سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری خوێندەواریی میدیایی بەدەستی دەهێنن.

**١- زانیاریی هەڵە:** کۆلێژی ستاتن ئایلاند (CSI) لە زانکۆی نیۆرک بەم شێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات"**زانیاریی هەڵە** بریتییە لە هاوبەشکردنی زانیاری نادروست و چەواشەکارانە بە شێوەیەکی نامەبەست(Reece ,10 JAN,2025)

**پێناسەی تیۆری:** لەم توێژینەوەیەدا زانیاریی هەڵە ئاماژەیە بۆ زانیاری درۆ یان نادروست کە زۆرجار بەبێ مەبەست بڵاودەبێتەوە و دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی، تێنەگەیشتن، یان فریودان. دەتوانرێت لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوە وەک (سۆشیال میدیا، دەزگاکانی هەواڵ، ماڵپەڕ، یان وشەی زارەکی) هاوبەش بکرێت.

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لەو نمرەیەی، کە سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری زانیاریی هەڵە بەدەستی دەهێنن.

**١- هەرێمی کوردستان:** ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە (ماددەی ١١٣ لە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق) دانی پێدانراوە.

**٢- سۆشیال میدیا:** (پێناسەی فەرهەنگی کامبریج)

بریتییە لە وێبسایت، کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکان کە ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدەن بۆ گفتوگۆکردن و هاوبەشیکردنی زانیاری و بیرو ڕاکانیان. (Cambridge Dictionary, n.d.7th ed)

**پێناسەی تیۆری**: مەبەست لەسۆشیال میدیا لەم توێژینەویەدا: پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی یان تەکنەلۆژیایە کە بەکارهێنەران دەتوانن ناوەڕۆک و بیرۆکە و زانیاری و پەیام لەگەڵ تۆڕێکی تاک یان گروپ دروست بکەن و هاوبەشی بکەن و ئاڵوگۆڕ بکەن، نمونەی پلاتفۆرمە بەناوبانگەکانی سۆشیال میدیا بریتین لە: (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان، خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیکردن).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لەو نمرەیەی، کە سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیال میدیا بەدەستی دەهێنن.

## بەشی دووەم: زانیارینامەی توێژینەوە

### ١-٢ :چەمکی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیا وەک چەمکێک لە وەڵامی زیادبونی بەرچاوبونی میدیای گشتی لەکۆمەڵگادا سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا. فراوانبونی خێرای ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و دواتر ئینتەرنێت، گۆڕانکاری لە چۆنیێتی بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەیامەکان بۆ خەڵک بەدوای خۆیدا هێنا. لەگەڵ بەهێزبونی پلاتفۆرمی میدیایی و بەربڵاوتر، دانپێدانانێک بە پێویستی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پەیامەکانی میدیا و کاریگەرییەکانیان لەسەر تاک و کۆمەڵگا گەشەی سەند.(donsbakh,2008,9)

ڕەگ و ڕیشەی خوێندەواریی میدیایی دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ کاری زانا و پەروەردەکاران کە دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی، کە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی هەیە، (نۆرمەکان)ی کولتور لە قاڵب دەدات و

بەشداری لە بنیاتنانی ناسنامەدا دەکات. سەرهەڵدانی پڕوپاگەندە لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و جەنگی جیهانیی دووەم، هەروەها سەرهەڵدانی (ڕیکلام)ی بازرگانی، تیشکی خستە سەر پێویستی پەرەپێدانی لێهاتوویی بۆ لێکدانەوە، شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ناوەرۆکی میدیایی.

لە سەدەی بیستەمدا، بەرهەمە سەرەکییەکانی توێژەرانی وەک: مارشال مەکلۆهان، نیل پۆستمان و ستوارت هۆڵ یارمەتیدەر بون بۆ دانانی بناغەی بواری خوێندەواریی میدیا. چەمکی "گوندی جیهانی" لەلایەن مەکلۆهانەوە جەختی لەسەر پێکەوەگرێدانی میدیا و کۆمەڵگا دەکردەوە، هاوکات ڕەخنەکانی پۆستمان لە تەلەفزیۆن و تەکنەلۆژیا تیشکیان خستە سەر گرنگی تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیا. کارەکانی ستوارت هۆڵ لەسەر توێژینەوەی کولتوری جەختی لەسەر ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی ئایدۆلۆژیا و گوتاری کۆمەڵایەتیدا کردەوە.(داربی ١٣٩٠،٣٩٩)

بە تێپەڕبونی کات، خوێندەواریی میدیا پەرەی سەند و بو بە بوارێکی فرە پسپۆڕیی، کە سود لە تێڕوانینەکانی توێژینەوەکانی: پەیوەندی، پەروەردە، دەرونناسی، کۆمەڵناسی و توێژینەوەی کولتوری وەردەگرێت. بەرنامەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی پەرەی پێدرا بۆ بەهێزکردنی تاکەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەشداری ناوەرۆکی میدیا بکەن، لایەنگری و زانیاری هەڵە بناسن و پەیامی میدیایی خۆیان دروست بکەن. ئەمڕۆ خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەیییەکی چارەنوسساز بۆ گەشتکردن بە سەردەمی دیجیتاڵی و پەروەردەکردنی هاوڵاتیبونی ئاگادار لە جیهانێکی تێر لە میدیادا سەیر دەکرێت.(Kia2015,2)

لە بنەڕەتدا خوێندەواریی میدیایی زاراوەیەکی ئاوێتەی دو وشەی لێکدراوی (خوێندەواریی) و (میدیا)یە، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەرە بە (Media literacy) و لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرە بە (محو الامية الاعلامية) وە لە زمانی فارسیدا پێی دەوترێت (سواد رسانەای)،(عبدالكريم٢٠٠٧، ٣)

**٢-٢ :مێژوی سەرهەڵدانی خوێندەواریی میدیایی**

مێژوی پەیدابونی خوێندەواریی میدیایی، کە لەسەر بنەمای پێویستییەکی خێرا دانراوە و دەگەڕێتەوە بۆ (دەیەی شەستەکان)و پاش زۆربونی بەکارهێنەرانی تەلەڤزیۆن، رادیۆ و فیلمە هۆلیودییەکان. لەوکاتەدا تەلەڤزیۆن پێش میدیاکانی تر کەوتبو بەشێوەیەک زۆرینەی خەڵک پێیان باشبو سەیربکەن، نەک بخوێننەوە. (هاشمی، رضایی، ١٣٨٧، ١٥٧). مێژوی خوێندەواری میدیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٥)زاینی. مارشال مەکلۆهان بۆ یەکەمجار لە کتێبی "تێگەیشتن لە میدیا"دا، ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە و نوسیویەتی:"کاتێک لێکۆڵینەوە لە گوندی جیهانی دەکرێت، پێویستە مرۆڤەکان خوێندەوارییەکی نوێ بەدەستبهێنن، کە پێی دەوترێت خوێندەواری میدیا". ئیتر کولتور بە سنوری جوگرافی پێناسە ناکرێت. هەروەها کولتور لەلایەن خەڵکی جیهانەوە دروست دەکرێت .(داربی١٣٩٠، ٣٩٩).

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هاتنی (تەلەڤزیۆن) ئاڵەنگاریی و دەرفەتی نوێی بۆ خوێندەواریی میدیایی هێنایە ئاراوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆن وەک فۆرمێکی باڵادەستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، پەروەردەکاران و زانایان دەستیان کرد بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە کاریگەریی میدیا لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکان، هەربۆیە لە ئێستادا ناوەندە حکومی و ناحکومییەکان لە جیهاندا سەرقاڵی پێشکەشکردنی فێرکردنی خوێندەواریی میدیاییین بە هاوڵاتیانیان و لەزۆرینەی وڵاتاندا لەوانە بەریتانیا، ئوسترالیا، فنلەندا، دانیمارک، سوید، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، روسیا، کەنەدا، ئەمریکا، ئەفریقای باشور، مالیزیا و یابان، لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا بەشێوەیەکی شێلگیرانە (جدی) پەرەی پێدراوە و پەیڕەو دەکرێت (نصیری، عقیلی، ١٣٩١، ١٤٠)

**٢-٣ گرنگی خوێندەواریی میدیایی**

جیهانگەرایی یان گوندی کەونی جیاوازە لە سیستمی نوێی جیهانی و جیهانی تاک جەمسەر، چونکە هیچ مەرج نییە لەو گوندە کەونییەدا گەورەترین هێزی سەربازی و ئابوری باڵادەست بێت و بڕیاری گوندەکە لەدەستی ئەودا بێت، بەڵکو دەشێ دەوڵەمەندترین کولتور و دەوڵەمەندترین شارستانی باڵادەست بێت، لە کاتێکدا لە ئەنجامی ململانێیدا لەگەڵ کولتور و شارستانێتییەکانی تر سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت.(قەرەداغی٢٠٠٧، ٣٠٣)

لە سەردەمی ئەمڕۆدا خوێندەواریی میدیایی بە کارامەییەکی جەوهەری دادەنرێت، بۆ ئەوەی لە ژینگەی ئاڵۆزی میدیادا بگەڕێین، دەبێت بتوانین باشتر لە پەیامەکانی میدیا تێبگەین، ئەوەش نایێتەدی تاوەکو ئاستی خوێندەواریی میدیاییمان بەرز نەکەینەوە، چونکە ئەو کەسانەی، کە توانای خوێندەواری میدیاییان هەیە، بە ئاسانی دەتوانن ئەو پەیامە ئاڵۆزانە بدۆزنەوە، کە لە ناوەرۆکی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، تابلۆی ڕیکلام، ئینتەرنێت و میدیای سەربەخۆی دیکەدا هاتوە، مرۆڤەکان دەتوانن بە هاوکاریی خوێندەواریی میدیایی، خۆیان میدیای خۆیان دروست بکەن و چالاکانە بەشداری لە دروستکردنی کولتوری میدیادا بکەن. ئەم چالاکییە ڕێگە دەدات وەرگر بە شێوەیەکی زیرەکانە سود لە میدیا وەربگرێت و لە دۆخی تەنها بەکاربەربون دەربچێت دەکرێت بڵێین خوێندەواریی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا لەبەر چەند هۆکارێک پێویستە لەوانە:

1. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی: خوێندەواریی میدیا یارمەتی تاکەکان دەدات کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیربکەنەوە سەبارەت بەو پەیام و زانیاریانەی کە لە فۆرمەکانی جۆراوجۆری میدیادا پێشکەش دەکرێن. توانای ئەوەیان پێدەدات پرسیار و شیکاری و هەڵسەنگاندنی ئەو ناوەڕۆکە بکەن، کە بەکاری دەهێنن. (قاضی مرادی١٣٩٣، ١٤٠)

2. بەهێزکردن: بە خوێندەواربونی میدیا، تاکەکان تواناکان بەدەستدەهێنن بۆ گەشتکردن بە دیمەنە ئاڵۆزەکانی میدیا و بڕیاردانی ئاگادارانە سەبارەت بەوەی باوەڕ بە چی بکەن، چی هاوبەش بکەن و چۆن کارلێک لەگەڵ پلاتفۆرمە جیاوازەکانی میدیادا بکەن. (حسین زادە، استانی١٣٨٩، ٧٩)

3. پاراستن: خوێندەواریی میدیایی یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ ناسینەوەی زانیاریی هەڵە و هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە، بەمەش خۆیان لە چەواشەکاری یان دەستکاریکردن دەپارێزن. (امامی١٣٩٤، ٩٠)

4. بەشداریکردنی مەدەنی: خوێندەواریی میدیایی، هاوڵاتی چالاک پەروەردە دەکات بە هاندانی تاکەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ میدیا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و مانادار، هاندانی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی و بڕیاردانی ئاگادارانە. (نصیری،عقیلی١٣٩١، ١٤١)

5. زیرەکی سۆزداری: تێگەیشتن لەوەی کە میدیا چۆن کاریگەری لەسەر هەست و هەڵوێستەکان هەیە، دەتوانێت یارمەتی تاکەکان بدات بۆ پەرەپێدانی زیرەکی سۆزداری و خۆڕاگری لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیامەکانی میدیا، کە ڕەنگە زیانبەخش یان چەواشەکارانە بن.

.6دروستکردنی میدیا: خوێندەواریی میدیایی، تاکەکان بەهێز دەکات بۆ دروستکردنی ناوەرۆکی میدیایی خۆیان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و ئەخلاقی، لە قاڵبدان و هاوبەشکردنی گێڕانەوە و دیدگاکانی خۆیان لەگەڵ جیهان. (آسیابی، کیایی١٤٠٠، ٣٩)

### ٢-٤ :چەمکە سەرەکییەکانی خوێندەواریی میدیایی

کۆمیسیۆنی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا و زۆرێک لە ڕێکخراوە میدیاییەکانی وەکAML ، CMLوNAMLE چەندین لێدوانی بەهێزیان هەیە لەسەر ئەوەی، کە توانای خوێندەواریی میدیایی دەبێت لە چی پێکبێت، کۆکن لەسەر ئەو بنەما سەرەتاییانەی لە پەروەردەی خوێندەواریی میدیادا هەیە کە ئەمانەن:

١- میدیا بنیاتنانە: بەرهەمە میدیاییەكان (بابەتی هەواڵ، فیلم، بەرنامەی تەلەفزیۆنی و هتد) ئاوێنەیەكی بابەتی كەتوار(واقیع) نین، بە وردی لەلایەن تاكەكانەوە دارێژراون، كە ئامانج و دیدگای تایبەتیان هەیە.
٢- لێكدانەوە جیاوازە: چۆن لە میدیا تێدەگەین، لە ژێر كاریگەری پاشخان و ئەزمون و بیروباوەڕ و تەنانەت مەزاجەكانی خۆماندایە. یەک لێكدانەوەی دروست نییە.
٣- بەرژەوەندییە بازرگانییەكان: زۆرجار بەرهەمهێنانی میدیا بەهۆی قازانجەوەیە، دەزگاكانی هەواڵ پێویستیان بە (بینەر،خوێنەر) هەیە بۆ داهاتی ڕیكلام.
٤- پەیامی ئایدیۆلۆژی و بەها: میدیا بە شێوەیەكی نادیار یان بە ئاشكرا هەندێک جیهانبینی و بەها و بیروباوەڕ بەرەوپێش دەبات، ئەمانە دەتوانن لە هەڵوێستە سیاسییەكانەوە دەست پێبكەن تا دەگاتە نۆرمە كۆمەڵایەتییەكان.
٥- زمانی ناوازەی هەر ناوەند (میدیۆم)ێک: جۆرەكانی میدیای جیاواز (چاپ، فیلم، تیڤی، ئینتەرنێت) شێوازی پەیوەندیكردنی تایبەت بە خۆیان هەیە. بابەتێكی ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەكی جیاواز لە ڤیدیۆی تیک تۆک دارێژراوە.
٦- كاریگەرییە بازرگانییەكان: هەڵبژاردنی میدیا دەرئەنجامە ئابورییەكانی هەیە، چی بەرهەم دەهێنرێت، چۆن دابەش دەكرێت و كێ دەستی پێدەگات، هەمو ئەمانە كاریگەری داراییان هەیە.
كاریگەرییە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان: میدیا بیروڕای گشتی لە قاڵب دەدات، كاریگەری لەسەر ڕەفتارەكان هەیە، تەنانەت دەتوانێت بەشداری، لە گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و سیاسیدا بكات.
٧- فۆرم و ناوەڕۆک بەیەكەوە گرێدراون: شێوازی پێشكەشكردنی پەیامێک (فۆڕم)ەكەی لە خودی پەیامەكە (ناوەڕۆک) جیا ناكرێتەوە. هەڵبژاردنی دیمەنەكان، مۆسیقا، یان تەكنیكەكانی دەستكاریكردن هەمویان بەشدارن لە مانای گشتی لە بنەڕەتدا ئەم بنەمایانە هانمان دەدەن كە بەكارهێنەری ڕەخنەگرانەی میدیا بین، دان بەوەدا بنێن، كە ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین هەمیشە نوێنەرایەتییەكی بێلایەن یان بابەتی جیهان نییە(Oxtrand, 2009:24-27)

### ٢-٤ :پێوەرەكانی (یونسكۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی

ئەم پێوەرە بە یەكێک لە بەرفراوانترین پێوەرە نێودەوڵەتییەكان دادەنرێت لە بواری خوێندەواری میدیایی و زانیاری . (UNESCO, 2013, 45-47). ڕێكخراوی یونسكۆ چوارچێوەیەكی بەرفراوانی بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی دارشتوە، كە وەک یەكێک لە پێوەرە گرنگە نێودەوڵەتییەكان ناسراوە. ئەم چوارچێوەیە لەسەر چەند پایەیەكی سەرەكی بنیات نراوە، كە تواناكانی تاک بۆ مامەڵەكردنێكی هۆشیارانە لەگەڵ میدیادا دەخەملێنێت.
یەكێک لە پایە بنەڕەتییەكان بریتییە لە تێگەیشتنی قوڵی تاک لە ماهیەتی میدیا و زانیاری، ئەمە تەنها ناسینی جۆرە جیاوازەكانی میدیا ناگرێتەوە، وەک میدیای چاپكراو، ئەلیكترۆنی یان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، بەڵكو لەوە تێدەپەڕێت بۆ ناسینی ڕۆڵی میدیا لە كۆمەڵگەدا، بۆ گواستنەوەی زانیاری و ڕوداوەكان بێت یان بۆ كات بەسەربردن و كاریگەری دانان لەسەر ڕای گشتی. هەروەها، هۆشیاریی بە پرۆسە و تەكنیكەكانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆكی میدیایی، لە نوسینەوە تا دەرهێنان و مۆنتاج، لەگەڵ ناسینەوەی ئامانجە شاراوەكانی پشت پەیامەكان، وەک هەواڵدان، ڕیكلامكردن یان ئاراستەكردنی سیاسی، بەشێكی دانەبڕاوی ئەم تێگەیشتنەیە.
دوای تێگەیشتن، قۆناغی هەڵسەنگاندنی وردبینانەی میدیا و زانیاری دێت. لێرەدا، توانای تاک بۆ جیاكردنەوەی سەرچاوە باوەڕپێكراوەكان لە سەرچاوە ناڕاست و چەواشەكارەكان تاقی دەكرێتەوە. هەروەها، پسپۆڕی لە شیكردنەوەی پەیامەكان بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەكان و ئامانجە ڕانەگەیەندراوەكان بەشێكی گرنگە، ئەمە وا دەكات تاک (وەرگر) بتوانێت

لایەنگری و بۆچونی کەسی لەناو پەیامە میدیاییەکاندا دەستنیشان بکات و بزانێت چۆن کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکان دادەنێن، لەگەڵ پەرەپێدانی توانای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان پێش ئەوەی باوەڕیان پێ بکات یان بڵاویان بکاتەوە. پایەیەکی دیکە پەیوەستە بە بەکارهێنانی کاریگەرانە و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانەی ناوەڕۆکی میدیایی، بەو مانایەیە، کە وەرگر تەنها وەرگرێکی ناچالاک (پاسیڤ) نەبێت، بەڵکو بتوانێت جۆرە جیاوازەکانی میدیا بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و دروستکردنی پەیوەندی بەکاربهێنێت. هاوکات، توانای دروستکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی بە شێوازێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارانەی هەبێت. ئەمەش بەشداریکردنێکی چالاکانە و هۆشیارانە لە کایەی میدیاییدا مسۆگەر دەکات، کە تێیدا تاک دەتوانێت بۆچونەکانی خۆی بە شێوەیەکی شارستانیانە دەربڕێت و پابەندی بنەما ڕەوشتییەکانی بواری میدیا بێت.

**٢-٥ :زانیاریی هەڵە**

ئەمڕۆ هەردو چەمکی(Misinformation and Disinformation) ، کە یەکەمیان: بەواتای زانیاریی ناڕاست و دوەمیشیان بە واتای زانیاریی شێوێنراو (چەواشە) دێن، یەکێکن لە گەورەترین ئاڵنگارییەکانی سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری و جیهانی سۆشیال میدیا، ئەو زانیاریانەن، کە ڕاست نین یان دروست نین و بە شێوەیەکی نادروست پێشکەش دەکرێن، زۆرجار ڕەنگە بەبێ مەبەست بێت، یان لە ناهۆشیاریی نێرەری ناوەڕۆکەکە بێت، لێرەدا چەند پێناسەیەکی زانیاریی هەڵە (Misinformation) دەکەین تاوەکو زیاتر لە مەبەست و مانای زانیاریی هەڵە تێبگەین، کۆمەڵەی دەرونناسی ئەمەریکی (APA) بەم شێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات "زانیاریی هەڵە زانیاریی درۆ یان نادروستە، وەرگرتنی ڕاستییەکانە بە هەڵە (Apa, 2015, 2nd ed)

لەلایەکی ترەوە کۆلێژی ستاتن ئایلاند (CSI) لە زانکۆی نیۆرک بەم شێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات"زانیاریی هەڵە بریتییە لە هاوبەشکردنی زانیاری نادروست و چەواشەکارانە بە شێوەیەکی نامەبەست(Reece ,10 JAN,2025) هەروەها (کامپانی) بەم شێوەیە لەبارەی زانیاریی هەڵە دەڵێت:" زانیاریی هەڵە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە زانیاریی ناڕاست بڵاودەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداربن، بەزۆری لەبەرئەوەی هاوڕێکانیان یان کەسانی تر دەیکەن.(Campan,2017, 4453)"

لە فەرهەنگی (مێریام وێبستەر) بەم شێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە کراوە "زانیاریی هەڵە بریتییە لە زانیاری درۆ یان نادروست، کە لەلایەن کەسێک یان لایەنێکەوە دەگوازرێتەوە بەبێ گوێدانە ئامانج یان مەبەستی چەواشەکاری یان فریودان. (Merriam-Webster, n.d.)

بەلای هەندێک کەسەوە زانیاریی هەڵە،جۆرێکە لە زانیاری هەرچەندە هەڵەیە، بەڵام هێشتا دەتوانێت زانیاریبەخش بێت بەلای (کۆهانگ) زانیاریی هەڵە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست بەبێ مەبەستی فریودان (Koohang,2003, 115)بەڵام هەندێک لە توێژەران وای دەبینن کە زانیاری هەڵە، ڕێکارەکان و هەندێکجاریش کردارەکان، بە مەبەستی چەواشەکاری بۆ فریودان و سەرلێشێواندن و زاڵبون بەسەر بیرکردنەوە و ملکەچکردن و گشتاندنی حوکمدان و زیانگەیاندن بە مرۆڤەکان بڵاودەبێتەوە.(ڕاودراد،خلقی١٤٠٠، ٧). سەرجەم پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە زانیاریی هەڵە ڕاستە ناوەڕۆکێکی بڵاوکراوەی هەڵەیە، بەڵام مەبەستی پشت بڵاوکردنەوەی فریودانی وەرگر نییە بە شێوەیەکی سەرەکی، هەرچەندە زیان و کاریگەری نەرێنی خۆی هەیە، بە پێچەوانەی زانیاریی ناڕاست (Disinformation)، کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵەیە بە مەبەستی فریودان و چەواشەکاری، زانیاریی ناڕاست لە کتێبی دەستی یونسکۆ بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی ڕۆژنامەگەری، کە لەلایەن (ئیرێتۆن و پۆسێتی) نوسراوە، زانیاریی ناڕاست

(Disinformation)وەک هەوڵی بە ئەنقەست، (زۆرجار ڕێکخراو) بۆ سەرلێشێواندن یان دەستکاریکردن پێناسە کراوە، لە کاتێکدا زانیاریی هەڵە (Misinformation) زانیاریی چەواشەکارانەیە، کە بەبێ مەبەستی دەستکاریکردن یان زیانگەیاندن دروستکراوە یان بڵاودەکرێتەوە.(Ireton & Posetti, 2018, p.1)

کەواتە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە (Misinformation) و (Disinformation) دو چەمکی جیاوازن و هاواتا نین، هەرچەندە زۆرجار تێکەڵاو دەکرێن و بەیەک مانا بەکار دەهێنرێن، ئامانجی ئەو کەسە یان ئەو سەرچاوەیەی زانیارییەکە بڵاودەکاتەوە، زانیاریی هەڵە لە چەواشەکاری جیا دەکاتەوە. مەبەست لە زانیاریی هەڵە فێڵکردن نییە. بەڵکو هەوڵدەدات کاریگەریی دروست بکات یان ڕای گشتی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بگۆڕێت(Aldwairi & Alwahedi, 2018, 171) .

جیاکردنەوەی ئەم دو چەمکە زۆر گرنگە، چونکە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەگۆڕێت (misinformation) ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بەسە. بەڵام (disinformation) پێویستە سەرچاوەی زانیارییە چەواشەکارانەکە دەستنیشان بکرێت و ڕێگری بکرێت لە بڵاوبونەوەی زیاتری، کەواتە لە کۆتایدا دەکرێت بڵێین Misinformation : (**زانیاریی هەڵە):** ئەو زانیارییانەن، کە ڕاست نین، بەڵام بڵاوکراونەتەوە بەبێ مەبەستی خراپ. ئەو کەسەی زانیارییە هەڵەکە بڵاودەکاتەوە، پێی وایە ڕاستە یان ڕەنگە نەزانێت ڕاست نییە، بۆ نمونە: کەسێک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە دەربارەی چارەسەرێکی پزیشکی، کە لە فەیسبوکدا بینیویەتی، بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت لە ڕاستییەکەی، بەڵام Disinformation( )

**زانیاریی چەواشەکارانە**: ئەو زانیارییانەن، کە بە مەبەست و بە نیازی خراپ بڵاودەکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فریو بدەن یان زیان بە کەسێک یان شتێک بگەیەنن، بۆ نمونە: هەواڵێکی درۆ دەربارەی کاندیدێکی سیاسی بڵاودەکرێتەوە بۆ ئەوەی ناوبانگی بشێوێنرێت پێش هەڵبژاردن. جۆرێکی تری زانیاریی ناڕاستمان هەیە، کە ئەویش زانیاریی زیانبەخشە (Malinformation)زانیارییەکی ڕاستە،بەڵام بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کەسێک یان گروپێک بڵاودەکرێتەوەو بەشێک لە زانیارییەکە ون دەکرێت دەربارەی کەسێک.(صباح، سالم ٢٠٢٤، ٤٤)

### ٦-٢ :جۆرەکانی زانیاریی هەڵە

سۆشیال میدیا دەستی ئەو کەسانە فراوانتر دەکات، کە زانیاریی هەڵە بڵاودەکەنەوە. هەر پلاتفۆرمێکی سۆشیال میدیا بە شێوازی تایبەتی خۆی بەشداری لە چەواشەکاریدا دەکات، ڕەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە لەوانە :

*خێرایی بڵاوبونەوە: لە سۆشیال میدیادا، زانیارییەکان بە خێراییەکی زۆر بڵاودەبنەوە، چونکە هەر کەسێک دەتوانێت بە ئاسانی زانیارییەک بەش بکات و بە هەزاران کەس بگات. ئەم خێراییە ڕێگە نادات بە وردبینیکردن و دڵنیابون لە ڕاستیی زانیارییەکان پێش بڵاوبونەوەیان.

*کەمی کۆنترۆڵ و چاودێری: لە سۆشیال میدیادا کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی ناوەڕۆک زۆر قورسە، بەراورد بە میدیای کۆنباو، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن میکانیزمی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دڵنیابون لە ڕاستیی هەواڵەکان. ئەم کەمییە وادەکات زانیاریی هەڵە بە ئاسانی بڵاوببێتەوە.

*بونی ئەکاونتی ساختە و ترۆڵ: لە سۆشیال میدیادا زۆر ئاسانە ئەکاونتی ساختە دروست بکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و پروپاگەندە. ئەم ئەکاونتانە زۆرجار بۆ مەبەستی چەواشەکاری و دروستکردنی ئاژاوە بەکاردەهێنرێن.

*ئالگۆریتمەکان: ئالگۆریتمەکانی سۆشیال میدیا کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەو ناوەڕۆکانە پیشانی بەکارهێنەران بدەن، کە زیاتر سەرنجڕاکێشن بۆیان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر بەرکەوتەی ئەو زانیارییە هەڵانە ببن، کە لەگەڵ باوەڕەکانیاندا دەگونجێن، ئەمەش بڵاوبونەوەی زانیاریی هەڵە زیاتر دەکات.
*کەمی هۆشیاری: زۆربەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا هۆشیارییەکی ئەوتۆیان نییە دەربارەی چۆنێتی دەستنیشانکردنی زانیاریی ڕاست و هەڵە، ئەمەش وادەکات بە ئاسانی زانیاریی هەڵە قبوڵ بکەن و بڵاوی بکەنەوە . (Lipschultz, 2020, 200)

**٢-٧ :پێوەرەکانی ڕێکخراوی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە**

ڕێکخراوی ئیندێکسی جیهانی زانیاریی ناڕاست (Global Disinformation Index) ڕێکخراوێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتییە، کاردەکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی زانیاریی هەڵە و چەواشە لە سەرانسەری جیهاندا (GDI) سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاریی هەڵدەسەنگێنێت، هەوڵێکی بەرفراوان دەدات بۆ بەرەنگاربونەوەی دیاردەی زانیاریی هەڵە و چەواشەکاری لەسەر ئاستی جیهان. ئەم ڕێکخراوە، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیایە، ئامانجی سەرەکی بریتییە، لە کەمکردنەوەی بڵاوبونەوەی زانیاریی نادروست و هاوکات هاندانی میدیای باوەڕپێکراو بەمەبەستی پاراستنی دیموکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ڕێکخراوەکە سیستەمێکی پۆلێنکردنی وردی پەرەپێداوە، کە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری، بەتایبەتی لەسەر پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان، هەڵدەسەنگێنێت و داتابەیسێکی تایبەت بە سەرچاوە هەڵسەنگێندراوەکان دروست دەکات، هاوکات بەردەوام ڕاپۆرت لەسەر دۆخی زانیاریی ناڕاست لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە.

هەڵسەنگاندنەکە لەسەر چەندین پێوەری بنەڕەتی بنیات نراوە، کە یەکەمیان شیکردنەوەی خودی ناوەڕۆکەکەیە. لێرەدا، بە وردی سەیری ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دەکرێت بۆ دڵنیابون لەوەی، کە لەسەر بنەمای بەڵگەی باوەڕپێکراو دامەزراون. هاوکات، لایەنگریی ناوەڕۆکەکەش دەپێورێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا پەیامەکە بۆچونێکی دیاریکراو دەسەپێنێت یان بە شێوەیەکی بێلایەنانە ڕاستییەکان دەخاتەڕو؟ هەروەها، جۆری زانیارییەکە، ئایا هەواڵە، ڕاپۆرتە، یاخود شرۆڤەیە، لەبەرچاو دەگیرێت، لەگەڵ ڕادەی پابەندبونی سەرچاوەکە بە ستانداردە پیشەییەکانی ڕۆژنامەگەری وەک ڕاستگۆیی، بێلایەنی و وردبینی.

جگە لە ناوەڕۆک، باوەڕپێکراویی خودی سەرچاوەکەش بەشێکی گرنگی هەڵسەنگاندنەکەیە. ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژو و پێشینەی سەرچاوەکە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروستدا، شەفافییەتی خاوەندارێتی و ئاشکرابونی لایەنەکانی پشت سەرچاوەکە پێوەرێکی دیکەی گرنگە، شانبەشانی پێداچونەوە بە مێژوی سەرچاوەکە بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە، کە پێشتر زانیاریی هەڵە و چەواشەکارانەی بڵاونەکردوەتەوە. هەروەها، جۆری سەرچاوەکەش دیاری دەکرێت، کە ئایا دەزگایەکی هەواڵی فەرمییە، پەیجێکی سۆشیال میدیایە، یان بلۆگێکی کەسییە.

لە کۆتاییدا، لایەنی تەکنەلۆژیا و دیزاینی سەرچاوەکەش پشتگوێ ناخرێت. شێوازی دیزاینی ماڵپەڕەکە و ئاسانیی بەکارهێنانی کاریگەریی لەسەر باوەڕپێکراویی سەرچاوەکە هەیە. بونی ئاماژەی ڕون بۆ ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییەکانیان لێ وەرگیراوە، نیشانەیەکی گرنگی متمانەیە. هاوکات، شەفافییەتی سەرچاوەکە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی داتای بەکارهێنەرانیشدا بەشێکی دیکەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەیە.( GDI, 2019, 30Aug, 10:13pm).

**بەشی سێیەم: کردەیی نامە (خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان)**

## زانیاری لەسەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

بەگشــتی توێژەر، (438) فۆڕمی بەســەر نمونەکەیدا دابەشــکردوە، لە هەر چوار زانکۆی (صــلاح الدین، دهۆک، ســـلێمانی و هەڵەبجە)، لە کۆی فۆرمە دابەشـــکراوەکان (53) فۆرم دورخراونەتەوە، بەهۆی هەڵە و کەموکورییەوە، (385) فۆرم سودیان لێوەرگیراوە، کەواتە نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (385) خوێندکار، کە بەشیوەی هەڕەمەکی مەبەســتدار وەرگیراون. ســەبارەت بە ئەنجامی خســتنەڕوی زانیارییە دیموگرافییەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت، ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (٥٠.٩٠٪)، و ڕەگەزی (مێ) بەرێژەی (٤٩.١٠٪)، دێت، ئەوەی دەبینرێت دابەشـــبونی بەشـــداربوان لە روی ڕەگەزەوە نزیکە لە یەکتری. هەروەها بۆ ئاســـتی تەمەن بۆ چوار ئاســـت بەم شـــێوەیە: لە پلەی یەکەم ئاســتی (٢١-٢٣)ساڵ بەرێژەی (٢٨.٨٣٪) و لە پلەی دووەمدا ئاســتی تەمەنی (١٨-٢٠) ســاڵ دێت بە ڕێژەی (٢٦.٢٣٪) خوێندکار، پلەی ســێیەم ئاســتی تەمەنی (٢٤-٢٦) ســاڵە، بە ڕێژەی ســەدی (٢٤.٦٧٪)، هەرچی پلەی چوارەمە ئاســتی تەمەنی (٢٧ ســـاڵ و بەرەو ســـەر)ە بە بە ڕێژەی (٢٠.٢٧٪)، ئەمەش ئەوە دەردەخا، کە زۆرینەی خوێندکارانی هەر چوار زانکۆیەکە لە ئاســتی گونجاوی تەمەن و خوێندنیاندان، ئاســتی تەمەن هۆکارێکی گرنگە بۆ توێژینەوەکە، بۆ دەرخســـتنی ئەوەی کام ئاســـتی تەمەن بەرزترین ئاســـتی خوێندەواریی میدیاییان هەیە. دابەشـــبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی زانکۆ بەم شــێوەیە: لە پلەی یەکەم زانکۆی (صـــلاح الدین) دێت،بە ڕێژەی (٣٥.٨٤٪)، خوێنـدکارانی زانکۆی (هەڵەبجە)ش پلەی چوارەمیـان گرتوە بە ڕێژەی (٤.٤٢٪). ئەم جیـاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە توێژەر نمونەیەکی هەڕەمەکی چینی ڕێژەیی (Proportional Stratified Sampling) وەرگرتوە. ئاســتی ئابوری نمونەی توێژینەوەکە گەردانکراوە بۆ سێ ئاستی (نزم، مامناوەند، بەرز) بەم شیوە پلەبەندییە: لە پلەی یەکەمدا ئاستی ئابوری مامناوەد دێت بە ڕێژەی (٦٨.٥٨٪) بە پلەی دوەم ئاستی ئابوری نزم دێت بە ڕێژەی (٢٠.٧٨٪) ئاستی ئابوری بەرزیش پلەی ســێهەمی گرتوە بە ڕێژەی (١٠.٦٤٪) ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕو، کە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ ئاســتی ئابوریان ماناوەندە، ئاســـتی ئابوری هۆکارێکی گرنگی توێژینەوەکەیە تاوەکو لە ڕێگەیەوە بزانرێت کام ئاســـتی ئابوری بەرزترین ئاســتی خوێندواریی میدیاییان هەیە. پســـپۆڕیی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە بەم شـــێوەیە: پلەی یەکەم پســـپۆڕییە (مرۆڤایەتییەکان) دێت بە ڕێژەی (٥٢.٩٩٪) پلەی دوەم پســـپۆڕیی (زانســـتی) دێت بە ڕێژەی (٤٧.١٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤)

خشتەی (٤)

تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | چەند بارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 196 | %50.90 | یەکەم |
| مێ | 189 | %49.10 | دوەم |
| کۆی گشتی | 385 | %100 | |
| تەمەن | | | |
| 18-20 | 101 | %26.23 | دوەم |
| 21-23 | 111 | %28.83 | یەکەم |
| 24-26 | 95 | %24.67 | سێیەم |
| 27بۆ سەرەوە | 78 | %20.27 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 385 | %100 | |
| زانکۆ | | | |
| صلاح الدین | 138 | %35.84 | یەکەم |
| دهۆک | 119 | %30.90 | دوەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | 111 | %28.84 | سێیەم |
| هەڵەبجە | 17 | %4.42 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 385 | %100 | |
| ئاستی ئابوری | | | |
| نزم | 80 | %20.78 | دوەم |
| مامناوەند | 264 | %68.58 | یەکەم |
| بەرز | 41 | %10.64 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 385 | %100 | |
| پسپۆڕی خوێندن | | | |
| زانستی | 181 | %47.01 | دوەم |
| مرۆڤایەتی | 204 | %52.99 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 385 | %100 | |

**ئامانجی یەکەم: زانینی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە، بە سۆشیاڵ میدیا.**

ئەو تەوەرە پێکدێت لە (4) پرسیار بەمەبەستی زانینی ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا، توێژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی ئاماری وەصفی (DESCRIPTIVE STASTIC) بەمەبەستی خستنەڕوی وەڵامی مشتی توێژینەوەکە بۆ هەر پرسیارێک، وەکو لە خشتەی ژمارە (٦)دا ڕونکراوەتەوە، پرسیاری یەکەم (ڕۆژانە چەند کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنیت؟ ) بە پلەی یەکەم (١-٣) کاتژمێر بە چەند بارەی (١٨٧) خوێندکار بە ڕێژەی (٤٨.٥٧٪)دا، لە پلەی دوەم (٤-٦) کاتژمێر بە چەند بارەی (١٦٣) خوێندکار و بە ڕێژەی (٤٢.٣٣٪)دا و لە پلەی سێهەمیش (٧ کاتژمێر و زیاتر) دێت، بە چەند بارەی (٣٥) خوێندکار و بە ڕێژەی (٩.١٠٪)دا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی مامناوەند، سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، کەواتە بەشێوەیەکی ماناوەندیش بەر زانیارییەکانی سۆشیال میدیا دەکەون،

پرسیاری دوەم: زیاتر چ جۆرە سۆشیال میدیایێک بەکار دەهێنیت؟ لە پلەی یەکەمدا نمونەی توێژینەوەکە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن بە چەند بارەی (١٧٠) خوێندکار بە ڕێژەی سەدیی (٤٤.١٦٪)، لە پلەی دوەمدا خوێندکاران ئەپلیکەیشنە نوێیەکان بەکار دەهێنن بە چەند بارەی (٨٨) خویندکار، ڕێژەی سەدیی (٢٢.٨٦٪)، لە پلەی سێهەمیشدا، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن دێن، بە چەندبارەی (٦٨) خوێندکار و بەرێژەی سەدیی (١٧.٦٦٪) و لە پلەی چوارەمیشدا (٥٩) خوێندکار، هیچ کام لە جۆرەکانی سۆشیال میدیا بەکار ناهێنن بە چەند بارەی (٥٩) خوێندکار، بە ڕێژەی سەدیی (١٥.٣٢٪). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکاران لە نێو جۆرەکانی سۆشیال میدیادا زۆرینەیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن، بە هەمو جۆرەکانییەوە.

دەربارەی پرسیاری سێهەم: بۆ چ مەبەستێک زۆرترین جار سۆشیال میدیا بەکار دەهێنیت؟ بە پلەی یەکەم نمونەی توێژینەوەکە، بۆ مەبەستی هەواڵ و زانیاریی بەکاری دەهێنن، بە چەندبارەی (١٧٧) و ڕێژەی (٤٥.٩٨٪)، لە پلەی دوەم خوێندن و فێربونە بە چەند بارەی (٦٨) و ڕێژەی (١٧.٦٦٪)، پلەی سێهەم بەمەبستی بەدوا داچونی ڕوداوەکان بە چەند بارەی (٤٠) و ڕێژەی (١٠.٣٨٪)، لە پلەی چوارەمدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی دێت، بە چەند بارەی (٣٠) و ڕێژەی سەدی (٧.٨٠٪)، ئەمە لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی خوڵقاوە، لە پلەی پێنجەم وەرزش دێت بە چەند بارەی (٢٧) و ڕێژەی سەدی (٧.٠١٪)، پلەی شەشەم کات بەسەر بردن دێت، بە چەند بارەی (١٥) ڕێژەی سەدی (٣.٨٩٪)، بازرگانی و فرۆشتن پلەی حەوتەمە بە چەند بارەی (١٢) و ڕێژەی سەدی (٣.١٢٪)، پلەی هەشتەم فێربونی زمانە بە چەند بارەی (٩) و ڕێژەی سەدی (٢.٣٥٪). پلەی نۆیەم و کۆتا پلە

سەیرکردنی فیلم و درامایە،بە چەند بارەی (٧) و ڕێژەی سەدی (١.٨١٪)دا. کەواتە زۆرینەی بەرتوێژان سۆشیال میدیا بۆ مەبەستی هەواڵ و زانیاری بەکار دەهێنن، کە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی سۆشیال میدیا لە خێرایی دەستڕاگەیشتن و ئاسانی بەکارهێنانی.

پرسیاری چوارەم: کام لەم جۆرانەی سۆشیال میدیا زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە؟ بە سەیرکردنی ئەنجامەکانی پرسیاری چوارەم دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم بەرتوێژان پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە، بە چەند بارەی (٢٠٠) و ڕێژەی سەدیی (٥١.٩٥٪)، کە ئەمەش وادەکات زۆرترین جار ڕوبەڕوی زانیاری هەڵە ببنەوە، چونکە لە ئەنجامی پرسیاری دوەم دەردەکەوێت بەرتوێژان لە نێو جۆرەکانی سۆشیال میدیا زۆرینەیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و زۆرینەشیان بە مەبەستی هەوڵ و زانیاریی بەکاری دەهێنن وەک لە وەڵامی پرسیاری سێیەم دەردەکەوێت. لە پلەی دوەمی پرسیاری چوارەم ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان دێت بە چەند بارەی (١١٢) و ڕێژەی سەدیی (٢٩.١٠٪). لە پلەی سێیەمیش خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن دێت، بە چەندبارەی (٧٣) و ڕێژەی سەدیی (١٨.٩٥٪)دا لە پلەی چوارەمیش هیچکامیان دێت بەبێ چەندبارەبونەوە واتا نمرەی (٠)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەمو جۆرەکانی سۆشیال میدیا زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە، هەرکامێکیان بەکار بهێنرێت ڕوبەڕوی زانیاریی هەڵە دەبیتەوە، ئەمەش پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواریی میدیایی لێدەکەوێتەوە. وەکو لە خشتەی ژمارە (٥)دا ڕونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (٥)

خستنەڕوی ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا

| برگە | ژمارەی کاتژمێر | چەند بارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژانە چەند کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنیت | 1-3 | 187 | %48.57 | یەکەم |
| | 4-6 | 163 | %42.33 | دوەم |
| | 7 کاتژمێر و زیاتر | 35 | %9.10 | سێیەم |
| کۆی گشتی | | 385 | %100 | |
| زیاتر چ جۆرە سۆشیال میدیایەک بەکاردەهێنیت | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 170 | %44.16 | یەکەم |
| | ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان | 88 | %22.86 | دوەم |
| | خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن | 68 | %17.66 | سێیەم |
| | هیچکامیان | 59 | %15.32 | چوارەم |
| کۆی گشتی | | 385 | %100 | |
| بۆ چ مەبەستێک زۆرترین جار سۆشیال میدیا بەکاردەهێنیت | هەواڵ و زانیاری | 177 | %45.98 | یەکەم |
| | خوێندن و فێربون | 68 | %17.66 | دوەم |
| | بەدواداچونی ڕوداوەکان | 40 | %10.38 | سێیەم |
| | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 30 | %7.80 | چوارەم |
| | وەرزش | 27 | %7.01 | پێنجەم |
| | کات بەسەربردن | 15 | %3.89 | شەشەم |
| | بازرگانی و فرۆشتن | 12 | %3.12 | حەوتەم |
| | فێربونی زمان | 9 | %2.35 | هەشتەم |
| | سەیرکردنی فیلم و دراما | 7 | %1.81 | نۆیەم |
| کۆی گشتی | | 385 | %100 | |
| کام لەم جۆرانەی سۆشیال میدیا | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 200 | %51.95 | یەکەم |
| | ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان | 112 | %29.10 | دوەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زانیاریی هەڵە بلاو دەکەنەوە | خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن | 73 | %18.95 | سێیەم |
| | هیچکامیان | 0 | %00 | |
| کۆی گشتی | | 385 | %100 | |

**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی خوێندەواری میدیایی لەلای مشتی توێژینەوەکە بەگشتی.**

سەبارەت بە پرسیاری دوەم کە تایبەتە بە خوێندەواری میدیایی، وەک لە خشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، مشتی توێژینەوەکە ئاستی خوێندەواری میدیاییان بەرزە و زۆرینەش لە ڕێگەی بەدواداچونی خۆیان شارەزابون بە خوێندەواری میدیایی، ئەوانەشی ئاشناییان نییە بە خوێندەواری میدیایی زۆرینەی لە کەس ئەو بابەتی نەبیستوە وەکو لە خشتەی ژمارە (٦) دا خراوەتەرو.

خشتەی ژمارە (٦)

خستنەڕوی ئاستی خوێندەواری میدیایی مشتی توێژینەوەکە

| برگە | | بژاردەکان | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | | | | | |
| ئاشناییت بە خوێندەواری میدیایی هەیە؟ | د | 206 | 179 | | 1.53 | .499 | %78 | بەرز |
| | % | %53.6 | %46.4 | | | | | |
| ئەگەر نەخێرە بۆچی؟ | | بژاردەکان | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
| | | نەمخوێندوە | لەکەسم نەبیستوە | هیچ خولم نەبینیوە | | | | |
| | د | 33 | 101 | 45 | 2.39 | .770 | %81 | زۆر بەرز |
| | % | %18.43 | %56.42 | %25.15 | | | | |
| ئەگەر بەڵێ یە بۆچی؟ | | بژاردەکان | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی سەدی | ئاست |
| | | بەدواداچونی خۆم | خوێندومە | خولم بینیوە | | | | |
| | د | 120 | 35 | 51 | 1.58 | .764 | %64 | ناوەند |
| | % | %58.25 | %17 | %24.75 | | | | |

**ئامانجی سێیەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا بەپێی گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی خوێندن، زانکۆ)**

**یەکەم: بەپێی پسپۆڕی خوێندن**

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر لە هەگبەی ئاماری (SPSS) ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-test)ی بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا دەکەوت ناوەندی ژمێرەیی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا لەلای پسپۆڕی زانستی (14.22) بە لادانی پێوەری (3.07) و ناوەندی ژمێرەیی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا لەلای پسپۆڕی مرۆڤایەتی (17) و بە لادانی پێوەری (3.23) هەروەها دەکەوت بەهای (T=-8.60) و بە نمرەی ئازاد (DF:383) و لەسەر ئاستی بەڵگەداری (.001) لەبەر ئەوەی بەهای (P=.001) بچوکترە لە (0.05) کەواتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لە بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی پسپۆڕی خوێندن و پسپۆڕی زانستی بەرکەوتنیان بە سۆشیاڵ میدیا کەمترە بەراورد بە پسپۆڕی مرۆڤایەتی وەکو لە خشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(٧)

خستنەڕوی جیاوازی لە ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی پسپۆڕی خوێندن

| پسپۆڕی | ژ.نمونە | ناوەند | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانستی | 181 | 14.22 | 3.07 | 383 | -8.60 | .001 | بەڵگەدارە |
| مرۆڤایەتی | 204 | 17 | 3.23 | | | | |

بەبڕوای توێژەر ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکارانی پسپۆڕییە زانستییەکان وانەکانیان قورستر و چڕترن و کاتی زیاتریان پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندنیان بەراورد بە خوێندکارانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بۆیە کەمتر دەپرژێنە سەر بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ە کاتی کەمتر لەسەر سۆشیاڵ میدیا بەسەر دەبەن.

**دووەم: بەپێی زانکۆ**

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر لە هەگبەی ئاماری (SPSS) ئامرازی ئاماری (One Way-ANOVA)ی بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا دەکەوت ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین (16.25) بەلادانی پێوەری (3.49) و ناوەندی ژمێرەیی زانکۆی دهۆک (15.90) بەلادانی پێوەری (3.55) و ناوەندی ژمێرەیی سلێمانی (14.81) بەلادانی پێوەری (3.16) و ناوەندی ژمێرەیی هەڵەبجە (15.41) بە لادانی پێوەری وەکو لە خشتەی ژمارە (٨) خراوەتەڕو.

هەروەها دەرکەوت بەهای (F=3.91) و بە نمرەی ئازاد (DF:3,381) و لەسەر ئاستی بەڵگەداری (.009) لەبەرئەوەی بەهای (P=.009) بچوکترە لە (0.05) کەواتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی جیاوازی زانکۆ وەکو لە خشتەی ژمارە (٩) خراوەتەڕو، جیاوازییەکە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین و دهۆک لەگەڵ خوێندکاران زانکۆی سلێمانیە بە جۆرێک خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین بەرزترین ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیایان هەیە و بەڵگەدارە لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، لە پلەی دووەم خوێندکارانی زانکۆی دهۆک دێن و بەڵگەدارە لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە نزمترین ئاستی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیایان هەیە لەلایەکیترەوە خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە لە پلەی سێیەم دێن و بەڵگەدارنیە لەگەڵ هیچ یەکێک لە زانکۆکانیتر، وەکو لە خشتەی ژمارە (١٠) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (٨)

خستنەڕوی ناوەنی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی زانکۆ

| | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|
| صلاح الدين | 138 | 16.2536 | 3.49569 | .29757 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 119 | 15.9076 | 3.55821 | .32618 |
| سلێمانی | 111 | 14.8108 | 3.16950 | .30084 |
| هەڵەبجە | 17 | 15.4118 | 3.14362 | .76244 |

خشتەی ژمارە (٩)

جیاوازی لە نێوان زانکۆکان بۆ نمرەی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا

| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکان | 136.583 | 3 | 45.528 | 3.914 | .009 |
| لەناو گروپەکان | 4431.251 | 381 | 11.631 | | |
| کۆی گشتی | 4567.834 | 384 | | | |

خشتەی ژمارە (١٠)

جیاوازی لە نێوان زانکۆکان بۆ نمرەی بەرکەوتن بە سۆشیاڵ میدیا بەپێی یاسای (LSD)

| زانکۆ (I) | زانکۆ (J) | جیاوازی نێوان دو ناوەند(I-J) | هەڵەی پێوانەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| الدین صلاح | دهۆک | .34606 | .42663 | .418 |
| | سلێمانی | 1.44281* | .43481 | .001 |
| | هەڵەبجە | .84186 | .87660 | .337 |
| دهۆک | الدین صلاح | -.34606 | .42663 | .418 |
| | سلێمانی | 1.09675* | .45002 | .015 |
| | هەڵەبجە | .49580 | .88424 | .575 |
| سلێمانی | الدین صلاح | -1.44281* | .43481 | .001 |
| | دهۆک | -1.09675* | .45002 | .015 |
| | هەڵەبجە | -.60095 | .88822 | .499 |
| هەڵەبجە | الدین صلاح | -.84186 | .87660 | .337 |
| | دهۆک | -.49580 | .88424 | .575 |
| | سلێمانی | .60095 | .88822 | .499 |

بەڕای توێژەر سلێمانی وەک (پایتەختی ڕۆشنبیری) سەیر دەکرێت، ئەمە و خاوەنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی چالاکە، کە زیاتر پشت بە تێکەڵاوبونی ڕاستەوخۆ دەبەستێت (کافێ، چالاکیی هونەری و مەدەنی)، لەوانەیە خوێندکاران جێگرەوەی زیاتریان هەبێت بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان لە دەرەوەی جیهانی ئۆنلاین، لە کاتێکدا ڕەنگە، لە هەولێر و دهۆک چالاکییە گشتییەکان کەمتر بن، کە وادەکات سۆشیال میدیا ببێتە گۆڕەپانێکی سەرەکیتر بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و کات بەسەربردن.

**ئەنجامی چوارەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری میدیایی بەپێی گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی خوێندن، زانکۆ)**

**یەکەم: بەپێی پسپۆڕی خوێندن**

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر لە هەگبەی ئاماری (SPSS) ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-test) ی بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی لەلای پسپۆڕی زانستی (100.61) بەلادانی پێوەری (15.96) و

نـاوەنـدی ژمێرەیی لەلای پســـپۆڕی مرۆڤـایەتی (100.01) بەلادانی پێوەری (15.98) هەروەهـا دەرکەوت بەهـای (T=.364) بە نمرەی ئازادی (383) و لەسـەر ئاسـتی بەڵگەداری (.716) لەبەرئەوەی بەهای (P=.716) گەورەترە لە (0.05) کەواتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی خوێندەواری میدیایی لەلای مشتی توێژینەوەکە بەپێی پسپۆڕی خوێندن وەکو لە خشتەی ژمارە (١١) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (١١)

خستنەڕوی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری میدیایی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن

| پسپۆڕی خوێندن | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانستی | 181 | 100.61 | 15.96 | 383 | .364 | .716 | بەڵگەدار نیە |
| مرۆڤایەتی | 204 | 100.01 | 15.98 | | | | |

دیاردەی زانیاریی هەڵە لە سۆشیال میدیا ئەوەندە گشتگیر و بەربڵاوە، کە کاریگەرییەکەی لە سنوری پسپۆڕییە ئەکادیمییەکان تێپەڕیوە، خوێندکارێک، پزیشکی بخوێنێت یان مێژو، کاتێک لە دەرەوەی زانکۆیە و لەناو تیکتۆک و فەیسبوکدایە، وەک (بەکارهێنەرێکی ئاسایی) مامەڵە دەکات، نەک وەک (پسپۆڕێک)، ژینگەی سۆشیال میدیا وا دیزاین کراوە، کە زیاتر پشت بە سۆز و خێرایی ببەستێت نەک لۆژیک و شیکاری، ئەمەش کاریگەری پسپۆڕی خوێندن کەم دەکاتەوە

## دوەم: بەپێی زانکۆ

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر (One way-ANOVA)ی بەکارهێناوە لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین بریتییە لە (100.83) بە لادانی پێوەری (16.58) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی دهۆک بریتییە لە (96.42) بەلادانی پێوەری (16.37) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بریتییە لە (103.90) بەلادانی پێوەری (14.25)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە بریتییە لە (99.58) بەلادانی پێوەری (13.32) وەکو لە خشتەی ژمارە (١٢) خراوەتەڕو.

هەروەها دەرکەوت بەهای (F=4.40) بەنمرەی ئازادی (DF:3,381) و لەسەر ئاستی بەڵگەداری (.005)، لەبەر ئەوەی بەهای (P=.004) بچوکتر لە (0.05) کەواتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی خوێندەواری میدیایی لەلای مشتی توێژینەوەکە بەپێی ئاستی زانکۆ وەکو لە خشتەی ژمارە (١٣) خراوەتەڕو، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرزترین ئاستی خوێندەواری میدییان هەیە و لە پلەی دوەم خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین دێن و لەپلەی سێیەم خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە و دوا پلەش خونێندکارانی زانکۆی دهۆک کە نزمترین ئاستی خوێندەواری میدیاییان هەیە و بەڵگەدارە لەگەڵ هەریەکە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و صلاح الدین وەکو لە خشتەی ژمارە (١٤) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (١٢)

خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی خوێندەواری میدیایی بەپێی زانکۆکان

| زانکۆ | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| صلاح الدین | 138 | 100.8333 | 16.58844 |
| دهۆک | 119 | 96.4202 | 16.37821 |
| سلێمانی | 111 | 103.9009 | 14.25033 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵەبجە | 17 | 99.5882 | 13.32788 |

خشتەی ژمارە (١٣)

خستنەڕوی جیاوای لە نمرەکانی خوێندەواری میدیایی بەپێی زانکۆکان

| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | کۆی دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکان | 3278.464 | 3 | 1092.821 | 4.404 | .005 |
| لەناو گروپەکان | 94532.186 | 381 | 248.116 | | |
| کۆی گشتی | 97810.649 | 384 | | | |

خشتەی ژمارە (١٤)

خستنەڕوی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری میدیایی بەپێی گۆڕاوی زانکۆ لەنێوان گروپەکاندا بەپێی یاسای (LSD)

| زانکۆ (I) | زانکۆ (J) | جیاوازی نێوان دو ناوەند (I-J) | هەڵەی پێوانەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| الدين صلاح | دهۆک | 4.41317* | 1.97052 | .026 |
| | سلێمانی | -3.06757 | 2.00829 | .127 |
| | هەڵەبجە | 1.24510 | 4.04883 | .759 |
| دهۆک | الدين صلاح | -4.41317* | 1.97052 | .026 |
| | سلێمانی | -7.48073* | 2.07853 | .001 |
| | هەڵەبجە | -3.16807 | 4.08412 | .438 |
| سلێمانی | الدين صلاح | 3.06757 | 2.00829 | .127 |
| | دهۆک | 7.48073* | 2.07853 | .001 |
| | هەڵەبجە | 4.31267 | 4.10248 | .294 |
| هەڵەبجە | الدين صلاح | -1.24510 | 4.04883 | .759 |
| | دهۆک | 3.16807 | 4.08412 | .438 |
| | سلێمانی | -4.31267 | 4.10248 | .294 |

## دەرئەنجامەکان

١- دەرئەنجامەکانی تایبەت بە تایبەتمەندی و بەرکەوتنی نمونەی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی، کە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕۆژانە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، لەنێویشیدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەهەمان کاتدا بە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیاریی دەزان.، ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەرتوێژان لە کاتێکدا، کە سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەکاردەهێنن، لە هەمان کاتدا پێیان وایە، کە هەر ئەم پلاتفۆرمانە سەرچاوەی سەرەکیی بڵاوبونەوەی زانیاریی هەڵەن. ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆز دروست دەکات و خوێندکاران دەخاتە ژێر مەترسییەکی بەردەوامەوە، هەروەها جەخت لە پێویستیی بونی خوێندەواریی میدیایی دەکاتەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە.

٢- دەرئەنجامەكانی تایبەت بە متمانەی زانیارییەكانی نێو سۆشیال میدیا و ئاشنایی بە چەمكی خوێندەواریی میدیایی: دەرئەنجامەكان نیشانیان دا، كە بە شێوەیەكی گشتی، خوێندكاران متمانەیەكی كەمیان بەو هەواڵ و زانیاریيانە هەیە، كە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەبنەوە، سەبارەت بە خودی چەمكی خوێندەواریی میدیایی، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بە نزیكەیی بە شێوەیەكی یەكسان دابەش بوە، نزیكەی نیوەی خوێندكاران ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمكەكەدا هەیە و نیوەكەی تریش ئاشنا نین. خاڵی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە، كە ئەو كەسانەی ئاشنان، زۆرینەیان لە ڕێگەی هەوڵ و بەدواداچونی تاكەكەسییەوە ئاشنایەتییان پەیدا كردوە، نەک لە ڕێگەی سیستەمی خوێندنی فەرمییەوە .ئەمەش بەڵگەیەكی ڕونە لەسەر ئەوەی، كە پرۆگرامەكانی خوێندن لە زانكۆكان و ناوەندە پەروەردەییەكان كەمتەرخەمن لە ناساندن و پەرەپێدانی ئەم بابەتە گرنگ و ستراتیژییە.

٣-دەرئەنجامی تایبەت بە جیاوازی لە ئاستی بەركەوتنی نمونەی توێژینەوەكە بە سۆشیال میدیا، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەركەوتن بە سۆشیال میدیا لەنێوان گروپەكاندا دەركەوت كە، ڕەگەزی نێر زیاتر سۆشیال میدیا بەكاردەهێنێت، پسپۆڕی :خوێندكارانی بەشە مرۆڤایەتییەكان زیاتر بەركەوتنیان هەیە، تەمەن :گروپی تەمەن (٢٧) ساڵ و بەرەوسەر، زۆرترین بەركەوتنیان هەیە. ئاستی ئابوری :گروپی ئاستی نزم زۆرترین بەركەوتنیان هەیە. خوێندكارانی زانكۆی صلاح الدین و دهۆک بە شێوەیەكی زیاتر لە خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی و هەڵەبجە بەركەوتنیان بەسۆشیال میدیا هەیە.

٤-دەرئەنجامی تایبەت بە جیاوازی لە ئاستی گشتیی خوێندەواریی میدیایی: سەرەڕای جیاوازی لە ئاستی بەركەوتندا، دەركەوت، كە بەركەوتنی زیاتر نابێتە هۆی ئاستێكی بەرزتری خوێندەواریی میدیایی، جیاوازیی بەڵگەدار تەنها لەم حاڵەتانەدا بونی هەیە، خوێندكارانی ئاستی ئابوری نزم، بە شێوەیەكی بەڵگەدار، ئاستی خوێندەواریی میدیاییان بەرزتر بو خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی، سەرەڕای كەمتر بەكارهێنانی سۆشیال میدیا، بەرزترین ئاستی خوێندەواریی میدیاییان هەیە.

**ڕاسپاردە و پێشنیارەكان**

١- لە ئەنجامی توێژینەوەكە دەردەكەوێت، بونی خوێندەواریی میدیایی لە ئێستادا بۆ هەر وەرگرێک زۆر گرنگ و پێویستە بەهۆی لێشاوی زانیاریی و لە ژێر كۆنترۆڵدانەبونی ناوەندەكان (میدیۆمەكان)، بۆیە توێژەر پێشنیار دەكات، ئەگەر لە پرۆگرامی خوێندنیش دانەنرێت وەک بەشە وانەیەكی سەربەخۆ، ئەوا خول و ڕاهێنان لەم بوواردا بكرێتەوە.

٢- پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و كۆمەنیكەیشن هەوڵەكانیان بخەنەگەڕ، لەپێناو نوسین لەبوارەكەدا و وەرگێڕانی نوسراوە بیانییەكان لەسەر ئەم بابەتە.

٣- هاوشێوەی وڵاتان ساڵانە، سیمینار و كۆنفرانسی تایبەت بە خوێندەواریی میدیایی ئەنجام بدرێت.

٤- وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان خوێندەواریی میدیایی بكات بە بەشەوانەیەكی سەربەخۆ لە پرۆگرامی خوێندندا لە قۆناغی شەشی بنەڕەتی تاوەكو قۆناغی دوانزەی بنەڕەتی.

٥- توێژەرانی دوای ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەی تر بكەن لەسەر هەمان ئەو گۆڕاوانە بەڵام كۆمەڵگە و مشتی توێژینەوەكانیان بگۆڕن، بەنمونە (خوێندكارانی قۆناغی بنەڕەتی، مێردمنداڵان، گەورە ساڵان ...)

٦- لایەنی پەیوەندیدار لەبری دانانی سانسۆر و فلتەر، بیر بكاتەوە لە بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندەواریی میدیایی وەرگر.

## لیستی سەرچاوەکان

بۆكانی، سابیر. (٢٠٢٠)میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی

ڕێشـاوی، یحیا عمر، حسـین، ئۆراڵ ابوبكر. (٢٠٢٣). ڕۆڵی پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان لە پێكهێنانی هۆشـیاری ڕۆشـنبیری لای خوێندكارانی زانكۆ لە هەرێمی كوردستاندا، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ١٠(٢)

عوبەیدوڵڵا، ڕەوان سـوبحی. (٢٠٢٣). ڕۆڵی سـۆشـیال میدیا لە گەشـەپێدانی هۆشـیاریی سـیاسی لای مامۆسـتایانی زانكۆلە هەرێمی كوردستاندا، دكتۆرانامەی بڵاونەكراوە، كۆلێژی ئاداب زانكۆی صلاح الدين،هەولێر

قەرەداغی، عەتا. (٢٠٠٧).كاریگەری كەلتوری ئەوان لەسەر كورد،چاپخانەی رون،سلێمانی

مەجزوب، تەلاڵ، و.مەریون عبـدول. (٢٠٠٧). ڕێبـازی لێكۆڵینەوە و ئـامـادەكردنی لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری و پراكتیكی،چـاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، هەولێر

صـباح، هيا عمار، سـالم، سـحر خليفه. (٢٠٢٤). آليات الكشـف عن الأخبار الزائفه في موقع فيسـبوك، دار امجد للنشرـ والتوزيـع، الطبعه الأولى، المملكه الأردنيه الهاشميه

عبدالكريم، راشد بن حسين. (٢٠٠٧) المناهج الدراسية وتنمية ملكات النقد لوسائل الإعلام، السعودية: الرياض

عوض، عدنان. (٢٠٠٨). مناهج البحث العلمي، الشركة العربية المتحده للتسويق والتوريدات، قاهرة

آسيابى، مشرگ چالشگر كرد، كيايى، زهرا اشكور، سواد. (١٤٠٠). رسانهاى در دانشجويان: مطالعه نظامیافته، تعال بالینی،آموزشی – پژوهش، دوره يازدهم.شماره٣،زمستان

امامى، حسين، سواد. (بدون سال). رسانهای در تئوری و عمل، فصلنامه نقد كتاب اطلاع رسانه وارتباط، سال دوم، شماره ٥، بهار

حسين‌زاده، اکبر، استانی، مرتضی محمدی، سواد. (١٣٨٩). رسانه‌ای، ضرورت دنيای امروز. کتاب ماه کليات، ١٥٣ (اطلاعات، ارتباطات و دانش‌شناسی)، 70-76

داربی، علی. (٢٠١١) درآمدي بر جامعهشناسی ارتباطات فرهنگ و رسانه، تشارات جهاد دانشگاهی، تهران

راودراد،اعظم، خلقتی، مرضـیه. (بدون سـال) .گونهشـناسی اطالعات غلط متنی ـــ ویدئویی در رسـانههای اجتماعی، فصـلنامه علمی وسايل ارتباط جمعی _ رسانه، سال سیودوم / شمارة 1 5 / 5-27)

قاضی مرادی، حسن، درآمدي. (١٣٩٣). بر تفکر انتقادي، تهران: نشر اختران.

نصیری، بهاره، عقیلی،سید وحید. (١٣٩١). بررسی اموزش سـواد رسـانه‌ای در کشـورهای کانادا و ژاپن. فصـلنامه نو وری‌های اموزشی, ٤١ (علمی پژوهشی)، 137-162

Aldwairi, M., & Alwahedi, A. (2018). Detecting fake news in social media networks. Procedia Computer Science, 141, 215-222. https://doi.org/10.1016/j.procs.2018.10.171

American Psychological Association. (2015). APA dictionary of psychology (2nd ed.). American Psychological Association.

Campan, A., Cuzzocrea, A., & Truta, T. M. (2017, December). Fighting fake news spread in online social networks: Actual trends and future research directions. In 2017 IEEE International Conference on Big Data (Big Data) (pp. 4453-4457). IEEE

Campbell, D. T., & Fiske, D. W. (1959). Convergent and Discriminant Validation by the Multitrait-Multimethod Matrix. Psychological Bulletin, Doi:10.1037/Vol(56). Paper81-105

Colman, A. M. (2015). The Cambridge dictionary of psychology,Cambridge University Press.

Donsbakh, Wolfgang. (2008). "the international encyclopedia of communication, London, Blackwell publishing.

Field, A. (2017). **Discovering Statistics Using IBM SPSS Statistics**.5th Edition.SAGE Publications.

Godwin, J. (2010). **Research Skills for Students**. London: Continuum International Publishing Group

Ireton, C., & Posetti, J. (Eds.). (2018). Journalism, fake news & disinformation: Handbook for journalism education and training. Unesco Publishing.

Kerlinger, F.N. (1986). **Foundations of Behavioral Research**. (3rd ed), Holt, Rinehart, & Winston

Kia, Ali Asghar. (2015). The importance of Media Literacy in the knowledge-base society: The effectiveness of training in the media literacy skills in Iran, Associate professor of Allameh Tabataba'i University, Conference Paper · June 2015.

Koohang, A.; Weiss, E. (2003). Misinformation: Toward Creating a Prevention Framework. Proceedings of Informing Science & Information Technology Education, 109-115.

Lipschultz, J. H. (2023) Social media communication: Concepts, practices, data, law and ethics. Routledge, 4th Edition, New York.

Oxstrand, Barbro. (2009). Media Literacy Education. Paper presented at the Nordmedia09 conference in Karlstad University, Sweden, August 13-15, 2009, revised after the conference

Raboy, Marc. & Padovani, Claudia. (2010). "Mapping Global Media Policy: Concepts, International Frameworks, Methods". Journal of Communication, Culture & Critique Communication Association. 28 (6), 907-923

UNESCO Global Media and Information Literacy Assessment Framework. (2013): Country Readiness and Competencies prepared by UNESCO Communication and Information Sectorin close collaboration with UNESCO Institute for Statistics, Published by United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)7, place de Fontenoy, 75352 Paris 07 SP, Paris, France.

CSI Professor Reece Peck Featured in POLITICO Article on Disinformation and Meta's Policy Shift | CSI Today

Cambridge Dictionary. (n.d.). Social media. In Cambridge English Dictionary. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/social-media

Merriam-Webster. (n.d.). Misinformation. In Merriam-Webster.com dictionary. https://www.merriam-webster.com/dictionary/misinformation

https://www.disinformationindex.org/blog/2019-8-30-where-disinformation-thrives-the-unusual-suspects/

[1] | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ٢ ئامار – زانکۆی سلێمانی ٣ داتا و ڕاستییەکان – زانکۆی هەڵەبجە ٤ زانکۆیا دهۆك